# راپۆرتە هەواڵی ژمارە (1)

1/ وەفدێکی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق بەشداری (وەرشەی کاری)لەسەر چۆنیەتی (بەڕێوەبردن وڕابەریکردنی سەندیکا کرێکاریەکانی) لە ماوەی 29/10-4/11/2006 لە عمان پایتەختی ئەردەن کرد..

لەسەر بانگێشتی (یەکێتی نێودەوڵەتی سەندیکا ئازادەکان) وەفدێکی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق کەپێکهاتبوون لە(مونا بترس داود)نوێنەری شورای کرێکاران وکارمەندانی نەوتی باکور) و(صبحی بدری)سەرۆکی سەندیکا خزمەتگوزاریەکان و(سالم عبید)ئەندامی دەستەی ڕاپەڕاندن و(ئەکرەم محمد) ئەندامی دەستەی کارگێڕی ونوێنەری یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق لە کوردستان بەشداریان کرد لە خولێکی یەك هەفتەییدا کە بۆ چۆنیەتی (بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی کردنی سەندیکا کرێکاریەکان)سازدرابوو.

2/ بەشداری سکرتێری یەکێتی شوراوسەندیکا کرێکاریەکانی عێراق(فلاح علوان)لە 30/10-03/11/2006 لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی پێکهاتنی(یەکێتی نێونەتەوەیی سەندیکا کرێکاریەکان)لە ڤێننای پایتەختی نەمسا کە ئەم کۆنگرەیە تەرخانبوو بۆ یەکگرتنی دوو ڕێکخراوی گەورەی جیهانی سەندیکا کرێکاریەکان کە زیاتر لە 1800 نوێنەری لە وولآتە جیاجیاکانی دنیاوە لە خۆگرتبوو وە بە سرودی (ئینترناسیونال) دانیشتنەکانی کۆنگرە والآکرا ودەستی بەکارەکانی کرد.

3/ سەردانی نوێنەرایەتی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق لە کوردستان لە 8 و 26/11/2006 بۆلای نوێنەری سەندیکای شۆفێرانی پاصەکانی سلێمانی وهەڵسەنگاندنی کاروبارەکانیان و هەوڵدان بۆ بردنە پێشەوەی داخوازی و بەهێزکردنی توانای کاری سەندیکایی و ڕێکخراوەیی لە نێوان ئەندامانی سەندیکاو بەردەوامی پەیوەندی لەنێوانماندا لەم پێناوەدا..

4/ سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکارانی بیناسازی و کارگەی چیمەنتۆ وناوەندە کرێکاریەکانی ترو قسەو باس و هەڵسەنگاندنی بەشداری نوێنەران لە (کۆنگرەیڤێننا و وەرشەی کاری)ئەردەن و نەخشە کاری نوێی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و کوردستان لە سەرجەم ناوەندە کرێکاریەکان و پێکهێنانی ناوەندێکی هوڵسوڕاو و چالاك بۆ سەرپێخستنەوەی ڕێکخستن و یەکخستنی کاری نقابی و گرێدانی داخوازی و ئامانجەکانی کرێکاران لە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیاندا لە کوردستان .

5/ بەشداری نوێنەرایەتی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و کوردستان لە یەکەم کۆنگرەی (یەکێتی گشتی سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق) لە 18/11/2006 کە لە بەغداد بەسترا کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن نوێنەرانی یەکێتی شوراوسەندیکا کرێکاریەکانەوە ئەم کۆنگرەیە بەڕێوەچو وە لە لایەن(ئیلهام تالَبانی)و(صبحی بدری و ئەکرەم محمد)وتار خوێندرایەوە کە تیایدا بانگهێشتی یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراوە کە کراو لەم پێناوەشدا بڕیاری کۆنگرە بۆ ئەم یەکگرتنە پەسەندکرا .

6/ نوێنەرایەتی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق لە کوردستان لەپێناو بەهێز کردن و بردنەپێشی کاری ڕێکخراوەیی و سەندیکایی لە کوردستان هەڵدەسێت بە کردنەوەی خولێکی پێگەیاندنی کادران وهەڵسوڕاوانی شورایی و سەندیکایی ویەکێتیە کرێکاریەکان لە کوردستاندا بۆ ماوەی مانگێك لە 1/ 2006/12 تاکو 2006/12/30 هەروەها ئەم خولە فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامەی (مایکرۆ سۆفتوێر) لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەکارهێنانی یەکێك لە تەکنەلۆجیاکانی جیهان لە کاروباری ڕۆژانەیاندا و لەکاری بەڕێوەبردنی سەندیکاییاندا .

بەهیوای چالاکی و کاری بەرجەستەترین لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکانی داهاتوماندا لەگەڵمانبن......